Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf-2019-27

# خێزان ژینگەی مرۆڤ سازی لەبەردەم دارِماندا (خێزانی کورد بەنموونە)

محمد عبدالله احمد

## ملخص البحث

في هذا البحث الذي أجريناه تبين أن الزواج يساعد على الاستقرار النفسي، و أن رابط الزوجية يوفر الكثير من الفوائد للصحة النفسية لكل من الرجل والمرأة، كما يحافظ على العفاف الاجتماعي و الكيان القومي والمجتمعي ، وأن الله سبحانه وتعالى وضع نظام الاسرة على اساس متين بحيث وفر لكل من الجنسين المجال الوافي للقيام بمهامها الكوني والخلقي.

فقد علمنا أن الزوجية سنة الله في الكون وفي كل شيء، وهما جنسان لا يمكن لأحدهما الحياة بدون الآخر، وبينهما حياة زوجية تبادلية،

يقول تبارك وتعالى: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ } الروم: ٢١

وقد فطر الله الرغبة الجنسية في الأبدان لكونها الوسيلة الطبيعية للإنجاب المشروع، وليست غاية في ذاتها.

وتحقيقا لهذا المقصد قصر الإسلام الزواج المشروع على ما يكون بين ذكر وأنثى، وحرم كل صور اللقاء خارج الزواج المشروع، كما حرم العلاقات الشاذة التي لا تؤدي إلى الإنجاب، ولم يجز تنظيم النسل إلا بموافقة الزوجين.

وحتى لا تنحصر العلاقة بين الزوجين في صورة جسدية بحتة، فقد نبهت الشريعة إلى أن من مقاصد هذه العلاقة أن يسكن كل من الزوجين إلى الآخر، وأن تتحقق بينهما المودة والرحمة.وبذلك تؤمن الشريعة لكل أفراد الأسرة حياة اجتماعية هانئة وسعيدة قوامها المودة والحب والتراحم والتعاون في السراء والضراء وتحقق الاستقرار والسكن النفسي والثقة المتبادلة.

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : May, 2021

***Keywords***

خێزان، ژینگەی مرۆڤ، دارِمان، کورد

Corresponding Author

mohammed.mustafa@univsul.edu.iq

Abstrac:

In this research that we conducted, it was found that marriage helps psychological stability, and that the marital bond provides many benefits for the mental health of both men and women, as well as maintains social chastity and the national and societal entity, and that God Almighty placed the family system on a solid foundation so that He provided Each of the sexes has ample scope to carry out its cosmic and moral tasks.

We have learned that marriage is the Sunnah of God in the universe and in everything, and they are two genders, one of which cannot live without the other, and between them is a reciprocal marital life God has created sexual desire in the bodies because it is the natural means of legitimate procreation, and not an end in itself.

In order to achieve this purpose, Islam restricted legal marriage to what is between a male and a female, and prohibited all forms of meeting outside of legal marriage, as well as forbidden abnormal relationships that do not lead to childbearing, and birth control is not permitted except with the consent of the spouses.

So that the relationship between the spouses is not confined to a purely physical form, the Sharia has warned that one of the purposes of this relationship is that each of the spouses reside in the other, and that affection and mercy be achieved between them.

## پێشەکی

خێزان خانەیەکی نەمری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، بە درێژایی ژیان و بەبێ ووچان خزمەتی بەرچاوو دیاری پێشکەش کردوە، وە بەردەوام دەبێت لەو بەخشین و خزمەتە هەتا مرۆڤ مابێت لە سەر ئەم زەویە.

ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوێستەو نیشانەیەکی گەورەی بێئەمەکی و سپڵەییە، کە هەندێك بیرو بیرۆکەو گرۆپ بزانن یان نەزانن، بە مەبەست بێ یان بێ مەبەست، هەوڵی دارمانی دەدەن، ئەو قوتابخانەیەی کە هەموو نەتەوەو گەل قەرزاری ئەوون ئێستا بەدەستی خۆمان خەریکە لە کاری دەخەن.

## گرنگی بابەت:

گەر ڕۆڵی گەورەی خێزان نەبوایە کەی ئێستا نەتەوەکان دەیانزانی کێن و خەڵکی کوێن، لەکام خاك و وڵاتدا ئەرزو ئاویان هەیە، ئەمان گۆشکراوی کام زەوی و زارن، ئاوی کام کانیاوی سازگاریان خواردوەتەوە.

ئەوەی کە ئێستا شانازی پێوەدەکەین بەرهەمی ئەم قوتابخانەیە، بۆیە دەزانین باو باپیرانمان کێن و لە کوێ بوون، ئێمەیان لە کوێ نیشتەجێ کردوە. گەلان و نەتەوەکان گەر ڕاستدەکەن نەتەوەکانیان خۆش دەوێت، گروپ و حیزب و لایەنی هزری سیاسی گەر دروست دەڵێن ئێمە بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان تێدەکۆشین ، دەی بابێن پێش هەموو شتێ خرمەتی خێزان بکەن، سکێچی پەروەردەیی تێکنەدەن بە ناوی پێشکەوتن بەهاکانی خێزان و خێزانداری نەشێوێنن، پەیوەندی نەشیاوو و نادروستی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ قەدەغە بکەن و هەل و مەرجی پەیوەندی دروست و شەرعی بخوڵقێنن .

بۆ ئەوەی شانازیەکانی نەتەوە بەردەوام بێت و ناسنامەی کوردایەتی و کوردبوون بە بەرزی و گەورەیی بمێنێتەوە دەی با خێزان دروست کەین.

لە بەر ئەم گرنگی و پێگەیە بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و زۆر گرنگی داوە بە پێکهێنانی خێزان بە شێوەیەکی شەرعی ، سزای سەختی هەیە بۆ ئەوانەی لەو دیوی خێزانەوە تواناکانیان بەخەرج دەدەن ، ڕێگە نادات پەیوەندی نێوانی ڕەگەزی نێر مێ لە چوار چێوەی خێزان و هاوسەریەتی و شەرعی بوون دەرچێت.

لەم سۆنگەوە دەستم دایە ئەم بابەتەو لەم چەند لایەنەوە شەنو کەوێکم کردوە بەمەبەستی ڕونکردنەوەی ڕۆڵی گەورەی خێزان وپێگەی مەزنی ئەم قوتابخانەیە.

## سەرچاوەی ئەم توێژینەوەیە:

بریتیە لە ڕوداوی بەرجەستەو دیمانەی تایبەت لە گەڵ ئەو خێزانانای کە گرفتیان هەیە، ئەوانەی کە جیابوونەتەوە، یان لە سەربەندی جیابوونەوەدا بوون. بە تایبەت ئەوانەی کە گویان گرتووە بۆ کەسانێك کە ئامۆژگاری لابێت، بەشێکی زۆری نموونەکان دیمانەی ڕاستەوخۆیە، زیاتر لە 100 دیمانەمان ئەنجامداوەو لە هەریەکەیان نموونەیەکمان باسکردوە بۆ بەڵگەو سەلماندی بابەتەکە.

دیکۆمێنتەکانی لیژنەی فەتوای سلێمانیمان کردوەتە یەکێك لە سەر چاوەکان، بەهۆی ئەوەی زۆرێك لەم بابەتانە دەچێتە بەردەمیان و بەشێکی تۆمار دەکەن.

بابەتەکەم دابەش کردوە بە سەر سێ باسدا باسی یەکەم دەبارەی چەمکی خێزان واتاو مێژووە ، باسی دووەم سەبارەت بە بنەما سەرەکیەکانی پێکهێنانی خێزانە، باسی سێهەم رونکردنەوەی گرفتەکانی خێزانی کوردیە.

هیوادارم توانیبیتم خزمەتێکم کردبێ هەرچەندە کەمیش بێت.

## چەمکی خێزان واتاو مێژوو

## تەوەری یەکەم: چەمکی خێزان واتاو مەبەست

ووشەی خێزان لە زمانی کورددیدا بە ژنی بە مێرد دراو و هاوسەروکەیوانوو دەووترێت،

وەك دەڵێن: خێزانی هەیە، خێزانی هێناوە.[i]

کە دەووترێ خێزاندارە مەبەستیان بەکەسێکە کە هاوسەری هەیە یان منداڵی زۆری هەبێت، یان دەڵێن بە خێزانی دەچین بۆ میونداری، واتە بە منداڵەکانەوە و کڵفەتەوە دەچین.[ii]

لێرەوە لەوە تێدەگەین ئەم ووشەیە لە بنەڕەتدا بە هاوسەر ووتراوەو دواتر کراوەتە ناو بۆ کۆیی خانەوادەکەو پەیکەری ماڵ، بەهەمووی ووتراوە خێزان.

لە زانستی کۆمەڵناسیدا خێزان بریتیە: لە خانەی سەرەکی کۆمەڵی ئادەمی لە چەند تاکێك پێکدێت و پەیوەندی خزمایەتی پێکەوە گرێیداوون، هاوبەشی چالاکی گۆمەڵگە دەکات لە لایەنی ئابووی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و بیروڕاو کایەکانی تری ژیان، یان کۆمەڵەیەکی بچوکە لە دایك وباوك پێکدێت و بەرپرسیاریەتی لە نێوانیاندا دابەش دەکەنو ئەرکەکانیان جێ بەجێ دەکەن ، یان بریتیە لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانی ژنو پیاوو منداڵەکانیاندا لە کەشو ژیانێکی هاوبەشدا، یان جۆرە کۆمەڵێکی بایەلۆجی رۆشنبیریە لە پیاوو ئافرەت پێکدێت و پەیوەندی هاوسەری کۆیان دەکاتەوە.[iii]

لە زمانی عەرەبیدا خێزان بە ووشەی (الاسرە) لێکدەرێتەوە مەبەست پێی بریتیەلە:

1. قەڵغانێکی بەهێزو پارێزەر ، کەس و کارو کۆمەڵێك دەوترێت کە کارێکی هاوبەش کۆیان کاتەوە. " الدرع الحصينة وأهل الرجل وعشيرته والجماعة يربطها أمر مشترك ".[iv]

2. خزمی نزیك و ئەوانەی کە دەبنە پشت وهێز پێی دەووترێ خێزان " الرَّهْطُ الأدْنَوْنَ وعَشِيرَتُه لأنَّه يتقوَّى بهم".[v]

خاوەنی فتح الباری لە باسی پێکهاتەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا دەفەرموێت: جذم ثم جمهور ثم شعب ثم قبيلة ثم عمارة ثم بطن ثم فخذ ثم عشيرة ثم فصيلة ثم رهط ثم أسرة ثم عترة ثم ذرية".[vi] لە ناو ناوەکانی پێکهاتەی کۆمەڵدا ووشەی( أسرە) بەگوێرەی ژمارەی پێکهاتەکانی ناوەکانی پێشەوە کە لە سەرەوە بۆ خوار دانراوە کەمترینە جگە لەو دوانەی لەدواوە هاتووە کە عیترەو زوریە. خۆ گەر لە خوارەوە بۆ سەر تەماشای بکەین بەهەمان شێوە ژمارەکانی لە زوریەو عیترە دەبێ زیاتر بێت. کەواتە زۆر نزیکە لەو واتای کە ئێستا لێی وەر دەگیرێت.

لە قورئانی پیرۆزدا خێزان بە (أهل) ناسراوە وەك دەفەرموێت: قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ (72) قَالُوا أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ رَحْمَتُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَجِيدٌ (73)}هود: ٧٢ – ٧٣ لەم ئایەتەدا ووشەی (أهل) بەتەنها نەهاتووە بەڵکو خراوەتە پاڵ (البيت) بەم شێوەیە واتاکەی تایبەت بووە بە خێزانەوەو مەبەست ئەوانەن کە لە چوار چێوەی خانەیەکدا دەژین کۆبوونەتەوە " أي أهل هذا البيت الذي نحن فيه"[vii].

لێرەدا کەمترین پێکهاتەی خێزان دەگرێتەوە کە تەنها دوو کەس دەکات و ژن و مێرد، چونکە ڕوی گووتارەکە لە پێغەمبەر ابراهیم دروودی خوای لەسەر و خێزانیەتی." والمخاطب زوج إبراهيم وهو معها "[viii].

وەك لەم ئایەتدا دەفەرموێت: وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا}. الأحزاب: ٣٣ مەبەست خێزانەکانی پێغەمبەرە دروودی خوای لەسەر." نداء للمخاطبين من نساء النبي ( ﷺ ) مع حضرة النبي عليه الصلاة والسلام ، وقد شمل كل من ألحق النبي ( ﷺ ) بهن بأنه من أهل البيت"([ix]) وە هەموو ئەوانەی لە وەوە نزیکن دەگەرێنەوە بۆ ناوخانەوادەکەی بە خێزان دائەنرێت.

هەوەك لەم ئایەتدا دەفەرموێت: {فَلَمَّا قَضَى مُوسَى الْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِ آنَسَ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ نَارًا قَالَ لِأَهْلِهِ امْكُثُوا إِنِّي آنَسْتُ نَارًا لَعَلِّي آتِيكُمْ مِنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِنَ النَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ} . القصص: ٢٩ ئەهل خزمی نزیك و خانەوادەکەی دەگرێتەوە ، "وأهل الرجل قرابته وأهل بيته وهو اسم جمع لا واحد له . وزوجه أول من يبادر من اللفظ ، ويطلق لفظ الأهل على امرأة الرجل"[x]

بەڵام ئەوەی جێگەی تێرامانەو هەڵوێستەی پێویستە ووشەی (أهل) واتاکەی زۆر فراوانترە لە خێزان بە واتا زاراوەییەکەی، چونکە (أهل) کۆمەڵێکن کە جۆرێك تایبەتمەندی کۆیان کاتەوە، وەك پیشەو کارو زانست و هونەر هتد،[xi] هەربۆیە دەووترێ: (أهل البلد، أهل العلم).

راغیبی ئەصفەهانی ئەمە دووپات دەکاتەوە دەڵێت: (أهل الرجل) ئەوانەن کە ڕەچەڵەك و ئایین کۆیان دەکاتەوە، یان هەر شتێکی دیکە وەکو ئەو دوانەبێت و تێیدا کۆبن وەك خانوو، دواتر ئەم ووشەیە تایبەتکراوە بە خێزان و منداڵەوەو بۆ ژن و مێردیك بەکارهاتوە.[xii]

ئیبن فارس دەڵێت : "أهل الرجل أخص الناس به"([xiii]) تایبەتمەندترین کەس بەکەسێکەوە پێی دەووترێ ئەهل.

کەواتە مانای ئەم ووشەیە زۆر فراوانترە لە واتای خێزان، بەڵام دەتوانین بڵێن نزیکترین زاراوەی قورئانی لە خێزانەوە تەنها ئەم ووشەیە، ئیبن ئەلعەرەبی دەڵێت: لە بنەڕەتدا ووشەی (اهل) بۆ کۆبوونەوەو پێکەوە بوون بەکار دێت.[xiv]

لێرەوە تێدەگەین کە خێزان یەکەیەکی پێکەوە گرێدراوی تۆکمەی بەهێزەو ئەندامەکانی لە سەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش و مەبەستدار کۆبوونەتەوە، هەموویان پشتگیری یەکتر دەبن و بەرپرسیاریەتیان لە نێواندا دابەشبووە، هەریەکەیان بەئەندازەی بوون و ڕۆڵی ئەرك و مافی هەیە.

## تەوەری دووەم : مێژووی خێزان

مێژووی خێزان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروست بوونی مرۆڤ، هەر لە وساتەی خوای گەورە مرۆڤی دروستکردووە لە یەکەم ئادەمیزاد کە خودی گەورەمان پێغەمبەر ئادەمە (دروودی خوای لە سەربێت)، هاوتاکەی دروستکروە، وەك دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا }. النساء: ١

ڕاشکاوانە ئەوە دەخاتە ڕوو کە گەورەمان ئادەم و ڕەگەزەکەی تری بەرامبەر کە ئافرەتە هەردوکیان لە یەك نەفس و دەرون و هەستن، سەر چاوەی هەردوکیان هەر یەك شتە، دوانەیەکی پێکەوە گرێدراوون و خێزان لەوان پێکدیت.[xv]

کەواتە دوو ڕەگەزو دوانەیی مرۆڤ سوننەتێکی گەردونیەو جیاوازی لە نێوانیاندا جیاوازی کارو وەزیفەیە، جیاوازی ئەرکی بەرپرسیاریەتیە، دەنا هەردوکیان سەرچاوەکەیان یەك نەفسەو یەکەو دواتریش لە ئەنجامی کارابوون و جێبەجێ کردنی ئەرکەکان و وەزیفەکان دەبنەوە بەیەك و هاوسەرگیری دەکەن و یەکەیەکی خانەوادەیی پێکدەهێنن.

قورئانی پیرۆز ئەم ڕاستیە دووپات دەکاتەوە لە چەندین ئایەتدا وەك دەفەرموێت: {هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا }.الأعراف: ١٨٩ . یان دەفەرموێت: {خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا}. الزمر: ٦ کاتێ دەفەرموێت : (وخلق منها يان وجعل منها) واتە لە هەمان جۆرو دەرون و نەفسەو هەروەکو یەکن ، " من شكل أنفسكم وجنسها ".[xvi]

خێزان بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی بووەتە ژینەگەیەکی لە بارو سازو و گونجا بۆ پەروەردە بوون و بەرهەمهێنانی مرۆڤەکان بە هەردوو ڕەگەزەکەی.

جووت ڕەگەزی مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیەوە دەستی پێکردووەو بەردەوامیش دەبێت لە گەڵ ژیان، چۆن لە سەرەتاوە دروست بوونی هەردوو ڕەگەز لە یەك سەرچاوەن و دوانەیەکی هاوتاو هاوخاست و تەواوکاری یەکترین، ئاواش هەتا دونیا بێت مرۆڤیش لە ژیان بێت دەبێتە قوتابخانەیەك و دەبێت وانەی یەك بوون و تەبایی و پێکەوەیی تیابخوێنن و فێر بن، نیشانەو سەرچاوەی وەرگرتنی ئیلهامی پێکەوە بوونیانە با ڕەنگ و زمان و کلتوریش جیابێت، خۆ لە دەرەنجامدا هەردوك لە یەك خێزانن.

بۆیە خوای گەورە بە بیر دەهێنێتەوە دەفەموێت: يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ}. الحجرات: ١٣

ئێوە لە نێرو مێیەکن و لە سەرەتاوە وابوە ئێستاش هەر وا دەڕوات بەبێجیاوازی لە نێوانی هەمواندا.

کەواتە بە درێژایی مێژووی ژیان لە سەرئەم زەویە خێزان ڕۆڵی هەیەو ڕۆڵی دەبێت، وە ژینگەیەکی دێرینی مرۆڤسازیە، وەهەمان کاتدا قوتابخانەیەکی فێرکاری تەبایی و پێکەوە بوونە.

ئەو گەشە سەندنەی کە دونیای تەکنۆلۆجیاو زانست بە خۆیەوە دیوە هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە خێزان لە دیرۆکی ژیاندا کردویەتی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، دەزگایەکی هێندە گرنگە هیچ کام لە تاکەکان زاناو نەزان و هەموان پێویستیان پێیەتی و ناکرێ فەرامۆشی کەن.

ئەگەر هەندێك بیرو بۆچوونی سەیر هەبێت دەربارەی خێزان و دەسپێکردنی و پۆلێن کردنی بۆ چەند قۆناخێك،ناکاتە ئەوەی کە لە ڕۆڵ و خزمەتی کەم بێتەوە، ئەو بۆچوونانەش پشتیان بە هەندی بابەتی مێژووی بەستوەو دەچنە خانەی پێشکەوتن و گەشەسەندی ژیان.[xvii]

## باسی دووەم

## بنەما سەرەکیەکانی پێکهێنانی خێزان

خێزان یەکەیەکی گرنگی کۆمەڵگەیەو ڕۆڵی زۆر دیارو گەورەی هەیە لە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ.

بۆیە بونیاتنانی پێویستە لەسەر بناغەیەکی یەکجار بەهێزو پتەو بێت، تا بەرگەی هەموو ئەگەرو بارە نالەبارو کارەساتە خەم ئامێزەکان بگرێت، ئەو بنەمایانەی کە پێویستە بەرجەستە ببن لە پێکهێنانی خێزاندا بریتین لە مانەی خوارەوە :

1. هەستی دوانەیی هەردوو ڕەگەز، کە ڕەگەزی نێرو مێ ، پیاوو ئافرەت، بەبێ یەکتر لەم ژیانەدا ناتوانن ژیانێکی ئاسودەو ساناو خۆش بەسەر بەرن.

دوانەیەکن هەردووکیان پێویستیان بەیەکتر هەیە، کاتێ کوڕێك ژن دەهێنێت و کچێك شوو دەکات، مانای وایە هەریەکەیان پێویستی بەوی تریانە، نەپیاوو هەستەکەی لە ژن کەمترەو نە ژنیش هەستەکەی لە پیاو زیاترە، هەردوکیان بۆ ئەم ژیانە پێکەوەن.

بوونی ئەم هەستە لەناخی تاکەکاندا دەبێتە هۆکاری گرێدانێکی پێویستی و زۆر مەبەست و توندو تۆڵ بە ئاسانی لە یەکتر نابنەوە.

وەك لە ناو دروستکراوەکانی گەردوندا بەدی دەکەین، جووتایەتی لە زۆرێك لە دیمەنەکاندا دەبین بەبێ یەکتر نابن، گەر ببن جوان نین، یان تەواو نین. وەك گوڵو ڕوەکاکەکان و هەموو میوەو سەوزەو شەوو ڕۆژو هتد ، گەر دوانەیی نەبێت لەوی تریان بێزار دەبیت، تەنها شەو بەبێ ڕۆژ کەی خۆشە، تاریکی بێ روناکی کەی باشە، ووشکایی بێ تەڕایی کەی جوانە، گوڵ یەك ڕەنگ کەی وەك دوو ڕەنگ زیاتر وایە.

ئەم یاسایە بوونی هەیە لە هەموو گەردوندا ڕۆژانە دەبینرێت، بەر چاوو دەکەوون مرۆڤ تێدا دەژی.

بۆیە قورئانی پیرۆز زۆر باسی لێوە دەکات و بەبیری ئێمەی دەهێنێتەوەو دەفەرموێت:

{وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ }. الذاريات: ٤٩ واتە لە هەموو شتێك دوو جۆر و بەش و لەتی جیاوازمان دروستکردوە، وەك زەوی ئاسمان، ڕۆژو مانگ ، و شەوو ڕۆژ، دەشت و کێو، چاکەو خراپە، ئێوارە بەیانی، ڕەنگە جیاوازەکان و هتد.[xviii]

هەموو ئەمانە بۆچیە؟ بۆ ئەوەیە ئێوە و بیر بکەنەوەو لە بیرتان بێت، بیرکردنەوەو لە بیر بوون، ئەو مەبەستەیە کەپێویستە هەردوو ڕەگەز لە پێش ئەوەی هاوسەر گیری بکەن ئەو هەستەیان هەبێت کە ئەمان خەریکی ئەنجامدانی وەزیفەیەکی گەردونی خۆیان وەك هەموو ئەوانەی تری گەردوون.

نابێت وابزانن یەکیان دەبێتە بار لەسەر ئەوی تریان، یان یەکیان دەبێتە ژێر دەستی ئەوی تریان، یان یەکیان خزمەتکاری ئەوی دیکەیە، یان ژن بۆ خزمەتی پیاوە، بۆ پێکەوە نانیماڵەو ماڵداریە، یان بۆ بەرێکردنی میوانە، هتد.

قورئان زۆر بە وردی ئەمەی باسکردووەو دەفەرموێت: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ}. الروم: ٢١ یەکێك لە نیشانەو ئایەتی گەردونی بریتیە لەوەی کە لە ڕەگەزی خۆتان و پێکهاتەی خۆتان لە هەمان گۆشت و ئیسقان، و هەست و نەست و، ویست و خواست و، جەستەو بۆدی هاوشێوەی خۆتانی لە ڕەگەزی بەرامبەر دروستکردوە، لە ئێوەشدا وەك دروستکراوەکانی گەردون جووتەیی و دوانەییتان هەیە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیەکی گەورەیە ئەم ڕاستیە کە جووتەیی نێوانی مرۆڤ جووتەییەکی بوون و بۆ یەکتر بوونە، کەسیان بەبێ ئەوی تر خۆشی تەواوی دەست ناکەوێت.[xix]

بۆیە لە زۆرێك لە ئایەتەکاندا ئەم ڕاستیە باس دەکات و بە بیری دەهێنێتەوە، کاتێ پیاوێك یان ژنێك ئەمە لە بیر دەکات، ئیتر ڕەگەزەکەی تر وەك خزمەتکارو بچوك و بەردەست دەناسێنی لە هەستی خۆیدا، دواتریش زۆر بەخێرایی سانایی دەست بەرداری دەبێت.

دەفەرموێت: وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ}.النحل: ٧٢ وەیان دەفەرموێت:{الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْ نَبَاتٍ شَتَّى}.طه: ٥٣ وەیان دەفەرموێت: {فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ}. الشورى: ١١. وەیان دەفەرموێت: {وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا }. النبأ: ٨

ئەم بنەمایە زۆر پێویستە ببێتە هەست و هزر و ڕۆشنبیری لای هەریەکە لە ڕەگەزی نێرو مێو ژن و پیاوو هەتا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا وەك خۆی پیادەی بکەن.

هەریەکەیان پێویستی بەوی تر هەیە با لە دونیادا دارای پۆست و سامان و کۆشك و تەلار بێت، پێویستی پیاوێك بە ئافرەت لە پیاوێکی سادەی ساکارو کارگوزار بێ پۆست و هەژار، بۆ پیاوێکی ساماندارو پۆستدارو گەورەو زاناو داناو سەرکردە ناگۆڕێت هەردوکیان دەبێت ژنیان هەبێت و هاوسەریان هەبێت، هەروەك ئافرەتیش هەروایە بوون نەبوونی و پلەو پایەو سامان دارایی نابنە جێگرەوەی پیاوێك بۆی.

ئەم دوانەییە دەبێت بەردەوام بێت تا مرۆڤ بەردەوم بێت، تا ژیانی بەردەوام بێت.[xx]

2. هەستی خود لە خوددا، ئافرەت بۆ پیاو ، پیاو بۆ ئافرەت جەستەیەکی نامۆ نین بەیەکتر، بەڵکو هەر لە هەمان حەزو خواستە، قورئان دەفەرموێت: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا}. الروم: ٢١ لە خودی خۆتان بۆ دروستکردون. {وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً}. النحل: ٧٢ : {جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ}. الشورى: ١١

ئەم دوبارە کردنەوەیە بۆئەوەیە تا مرۆڤ باش لەوە حاڵی ببێت کە ڕگەزی بەرامبەر جەستەیەکی نامۆ نیە، تا بە زەحمەت کارلێك بکەن و بگەن بەیەکتر بەڵکو وەك خۆتە تۆ چوونی ئەوەی دەبێتە هاوسەرت هەر وایە، ئیتر هەر جۆرە نکولیەك هەبوو لە یەکتر ئەوە لە بیر کردنی خودی خۆتەو شەڕە لە گەڵ خودی خۆت، دەی ناکرێت مرۆڤ هێندە بێ هەست بێت هەست بە هاوهەستی خۆی نەکات ولێی حاڵی نەبێت.

ئاخر چۆن دەبێت شتێک کە لە خودی خۆتەو لە جۆرو شێوەی خۆتە، بتوانی لە بیری بکەیت، وەلای بخەیت ، گوێی پێنەدەیت، ئەمە ناکرێت گەر ئەو هەستە هەبێت. بەم شێوە نیعمەتی دروست بوونی هەردوکیان تەواو دەبێت و بۆ یەکتر تەواو کارن. پێداویستی یەکتر جێ بەجێ دەکەن.[xxi]

بۆیە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەستەواژەی {وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ}. الذاريات: ٤٩ ، "ومن كل شيء" دەهێنێ تا ئەم دوانە باش لە یەکتر حاڵی ببن، ئەم ڕاستیە وون نەکەن .

کەواتە بنەمایەکی دەرونی زۆر بەهێزە لە نێوانی ئەم دوو ڕەگەزەدا پێداویستی خود بەم خودە وەك پێداویستی خودی ژیانەو لەو کەمتر نیە، لەزەت و چێژی ژیان نابینێ یان کەمتر دەیبینی گەر ئەم دوانەییە نەبنە خودێك و یەك جەستە.[xxii]

3. بەرجەستەکردنی خانەی ئارامی و دامرکان، مەبەستم بنەمای سێهەمی خێزانی سەرکەوتوو بریتیە لە هەستی حەوانەوەی هەریەکە لە ڕەگەزی بەرامبەردا کە بوونەتە هاوسەر، دامرکان و جێگیربوون ببێتە هەوێنی خێزانداری، ئەمەش لە ناخی هەریەکەدا دەردەکەوێت تا چەندە بۆ یەکتر خرۆشاوون و تا چەندیش لە گەڵ یەکتر ئاسودە دەبن، گەر لە سەرەتای دروستکردنی خێزاندا ئەم هەستە بەرجەستە ببێت هەریەکەیان ئاسوودەیی خۆی لای ئەوی تر بدۆزێتەوە خێزانێکی زۆر توکمەو بەختەوەر دەبن.

کاتێ قوڕئان باس لە ئامانجی دروستکردنی دوانەیی و جووتەیی دوو ڕەگەز دەکات واتە نێر ومێ دەفەرموێت: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا}.الروم: ٢١

واتە بۆ ئەوەی دڵەکانتان لە لای هەریەکەتان لەنگەر بگرێت، لەوێدا ئاسودە بێت،( )ووشەی (لتسكنوا) بە واتای لە جوڵەکەوتن و هێور بوونەوە، دڵنیایی دێت، بۆ دروست بونی ئەم حاڵەتە پێویستە دوو خاڵ بێتە دی:

1. ئارامی و هێووری دەرونی و بەرجەستەکردنی وەك پێویست لە لایەن هەردوو لاوە.

2. دڵنیایی تەواو لە هەردوو لاوە بەرامبەر بەیەکتر هەر یەکەیان بۆ ئەوی تریان ببێتە سێبەرێکی بەردەوامی دڵنیایی لە هەر شوێن و جێیەك بن.

کەواتە هیچ پیاوێك هیچ شتێك لەم ژیانەدا دڵنیایی و ئارامی و هێوری پێ نابەخشێت بە ئەندازەی هاوسەرێکی خاوەن سۆز و مێهرەبان و خاوەن ئەم دووهەستە، هەروەك ئافرەتیش هیچ شتێك ناتوانێت ئارامی و دڵنیایی بداتێ بە ئەندازەی هاوسەرێکی گونجاوو خاوەنی ئەم هەستانە.[xxiii]

ئەم سکونەتە ڕاڤەکردنی ئاسان نیە بەووشەو دەستەواژە، چونکە گوزارش لە حاڵەتێکی تایبەت دەکات کە لە نێوانی پیاوو ژندا دروست دەبێت، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێك دەگۆڕێت.

بەشێك لە حاڵەتە نالەبارەکانی نێوانی ژن ومێرد کە دەخولقێن و دەگەنە بنبەست نەبوونی ئەم هەستەیە، پەی نەبردنە بەم لایەنە بۆیە خێرا دەگەنە کۆتایی ڕێگە و لە یەکتر دوور دەکەونەوە، لە کاتێکدا دەبوا لە سەرەتای ڕێگەوە بەم هەستانەوە پێکەوە جۆش بوونایە، ئەو کات کەسیان باسیان لە دوور کەوتنەوەیان نەدەکەرد مەگەر بەدەگمەن نەبێت و بە ناچاری نەبێت، بۆیە هەندێ لە نموونانەمان بەدی کردوە، هەندێ جار هاوسەری ئاوا ویستی جیابوونەوەیان هەبووە لە یەکتر، بەڵام لە کاتی باسکردنی حاڵەتەکەدا چاوەکانیان پڕ لە فرمێسك بووە.

جارێك خانەوادەیەك هاتنە لیژنەی فەتواو داوای جیابوونەوەیان کرد، ئێمەش زۆر قسەمان بۆ کردن کە جیانەبنەوە ووتیان بڕیاری کۆتاییمان داوە بە ڕێکەوتنی هەردوو لامان، لە هۆکاری بڕیارەکەیان کۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت کە حاڵەتێکی ناچاری عەشایەری زۆریان لێ دەکات کە جیاببنەوە.

زۆر پێشنیارمان خستە بەردەمیان و ووتیان تەنها چارەی بەردەممان لە ئێستا جیابوونەوەیە، بەخوا بڕیارەکەمان لەسەرمان زۆر سەختە، وەك ئەوەوایە هەریەکەمان بەدەردێکی کۆشندە ووردە چاوەڕوانی مەرگمان بکەین، بەڵام چارمان نیە.

کاتێ جیابوونەوەکەمان ئەنجامدا هەردووکیان دایانە پرمەی گریانێکی بەکوڵ بۆ یەکترو وەك منداڵ بۆ یەکتر دەگریان، تا دواجار مژدەمان پێدان کە دەتوانن هەر کات ویستان هەبێت ببنەوە بە هاوسەرو خێزانی یەکترو خەم مەخۆن ئێستا تا ماوەیەك لە دوری یەکتر بن تا کێشەکەتان هێور دەبێتەوە ئەو کاتە ببێنەوە گرێبەستان بۆ دەکەینەوە.[xxiv]

ئەم ڕوداوە دوا دیمەن نەبووە کە هەستمان پێکردوە زرۆی واهەبووە، کە تا کاتی جیابوونەوە خۆیانگرتووە دواتر بۆ یەکتر گریاون، کاتی واهەبووە تەنها دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك لە جیابوونەوەیان پەشیمان بوون، خێزانیان پێکهێناوەتەوەو گرفتەکانیان وەلاناوە.

هەروەك نموونەی ئەوەشمان لایە کە دوای جیابونەوە نەك کوڕەکە هاوسەرگیری کردوە نە ژنەکە بەڵکو چاوەڕوانی یەکتریان کردووە تا ماوەی بێ ئومێد بوون، جاوی هەبووە پیاوەکە چاوەڕوانی کردوە هەتا ئافرەتەکە شووی نەکردبێتوە ئەم هاوسەرگیری نەکردوە، یان بە پێچەوانەوە.

ئەمە گوزارش لەو خاڵەدەکات کە هاوسەرگیری تەندروست و ساز پێویستی بەو هەستانە هەیە، دەبێت لە سەر ئەم بنەمایانە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بەرگەی هەموو خۆشی و ناخۆشی و باری هەموارو ناهەموار بگرێت. وە لە هەمان کاتدا تێکچوون و لێکترتزان ببێتە ئەگەرێکی دوورو ناشیرین و ناپەسەندو ناحەز تەنها لە کاتی ناچاری سەپێنراوو ئەستەمداردا ئەنجام بدرێت.

ئەم سکونەتە حاڵەتێکی ئاڵوگۆڕیە لە نێوانی ئەم دوو ڕەگەزەدا، هەریەکەیان دەگەڕێ بە شوێنیدا لەوەی تریاندا، دەبێت هەریەکەیان بە شێوەیە لە شێوەکان گوزارش لەوە بکات کە دەبێتە جێگەو ماڵی ئارامی بۆی. نیشتیمانی ژیانی ئاسودەیی لای ئەوە، چونکە سکونەت وەك نیشتیمانێکە بۆ دەرونی خرۆشاوو نائارام لەکاتی باڵغ بوونەوەی ئەم ناجێگریە درونیە دروست دەبێت و دەروون هەستی دەجۆشێ بۆ ئەوەی کێ دتوانێت ماڵە ئارامەکەی پێبدات.[xxv] لە هەمان کاتدا دڵ و جەستە پێکەوە هەست بەو ئارامیە دەکەن لە پاڵ یەکتردا.[xxvi]

4. بەرجەستەبوونی (مودة) ئەم ووشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە واتای:" محبة الشيء وتمني كونه،.على ان التمني يتضمن معنى الود، لان التمني هو تشهي حصول ما توده".[xxvii]

خۆشویستنی شتێك و ئاواتو ئومێدی بوونی و بەرجەستەبوون، چونکە ئاوات و ئومێدەکە لە خۆگری خۆشەویستیەکەیە، ئەوەی ئومێدی دەکەیت واتە حەزت لەوەیە ئەوەی خۆشت دەوێت بێتەدی.

لێرەوە لەوە تێدەگەین کە (مودە) تەنها خۆشەویستیەکی ئاسایی نیە بەڵکو خۆشەویستسەکە کە ئاوێزانە بە حەزو خواست لە سەر بوون.

ئاماژەیەکی تایبەتە بەوەی کە لە نێوانی هاوسەران پەیوەندیەك هەیە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی تر نایگاتێ، وە لەوە گەورەترو بەهێزترنیە.[xxviii]

ئەم واتایە زۆرێك لە پەرتوکەکانی تایبەت بە زمانی عەرەبیەوە پشت ڕاستی دەکەنەوە، واتەی خواست و ئاوات و ئومید بۆ بەیەك گەیشتن و پێکەوە بوون هەیە لە مانای (مودە) کە بە شیوەیەکی لێدێت تەنها خانەی ئارامی لە یەکتردا دەبیننەوە، جگە لەوەی کە جۆرێك پەیمان و نووسین لە نێوانیاندا دێتە گۆڕێ چونکە (مودە) بەو مانایەش بەکار هاتووە.[xxix]

کەواتە (مودە) تەنها خۆشەویستیەکی سادەی دیکورو دیمەنو سامان و ماڵ و حەزێکی کاتی خرۆشاو نیە، واتاکەی زۆر لەوە ووردترو سەنگین ترە، جۆڵەیەکی دڵە لەکاتی یەکەم بینینی یەکترداو هەستی هەریەکەیانە بۆ ئەوی تر تاچەندە خۆشەویستیەکی ئارام بەخشی بۆی هەیەو هەستەدەکات لەگەڵ زۆرێك لە خواستەکانیدا گونجاو دەبێت، تا چەندە دڵ ئارامی خۆی لەوە دەبینێتەوە.

بۆیە هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئان لە ڕاڤەکردنی ووشەی (مودە)دا دەفەرموون: ئەمە تایبەتترە لە (محبە)، لە (مودە)دا زیادە مانایەك هەیە، ئەویش حەزو مەیلە بۆ ئەوەی کە خۆشی دەوێت، بێ چرپەبوونی دڵەو هەستەو هەموو خواستی دەکەوێتە سەر ئەوەی کە بینیوەیەتی و بەس، ئیتر دڵ و نەست تەنها ئەو بە باش دەزانن بۆ ژیانی هاوسەرگیری، وە دەبێت ئەم حاڵەتە هەربەردەوام بێت هەتا کۆتایی ژیانیان." المودة هذه أخص من المحبة، المودة محبة، وزيادة، محبة فيها ميل إلي هذا المحبوب، وإصغاء القلب له، فيها إيثار له علي غيره، فهو يؤثره، ويحميه، ويحوطه، وينصره، كل هذا داخل في هذه المودة". [xxx]

زیاد لەمەش (مودە) پەیوەندیەکی هاورێیەتی دروست دەکات کە جۆرە ئولفەت و پێکەوەبوونێك دەسازێنی لێکدابڕان دەبێتە ئەستەم، ئەم یپکەبوونە کۆمەڵە خەڵێکی ناموۆ بەیەکترو جیاواز کۆدەکاتەوەو [xxxi]شوێن و ژینگەی جیاوازیان نابێتە بەربەست، هەروەك هزرو ئایدیاش هەر ڕێگر نابێت.

5. بەرجەستەبوونی بنەمای سۆزو میهر(الرحمە) ئەم ووشەیەش وەك ئەوی پێشوو واتایەکی تر دەبەخشێت بە هاوسەران ئەویش نەرمونیانی و سۆز و بەزەیی و لە خۆگرتن و هەستکردن بە مافو خواست و ئێش و ئازارو هتد دەکەونە ناو بازنەی (الرحمە) ئەمەش لە کردارو هەڵس و کەوتی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت لە نێونیاندا، زۆربەی بە دەربڕینی ووشە نیە. جۆری پەیوەندی ومامەڵەکردنەکەیە لە گەڵ یەکتر.[xxxii]

کاتێ پێناسەی ووشەکە دەکەن دەڵێن: نەرم و نیانی چاکەخواستە بەرامبەرکەسێکی دیاریکراو، ئەو سۆزەیە کە جوان مامەڵە دەخوازێت.[xxxiii] هێندە سۆز دەستەباڵایە بەسەر دەروندا دەیەوێت تەنها سودو چاکەو باشەو گەورەیی و جوانی بداتە بەرامبەر، بە خۆشی و خەندەکانی دڵخۆش دەبێت و بە پێچەوانەوە بە نەبوونو و دڵگرانی و ناخۆشیەکانی ئەویش هەراسان دەبێت.

کەواتە ئەگەر ئەم دوانە کە دەبنە هاوسەری یەکتر خواستی پاراستنی پەرژەوەندی و لادان لە هەموو لەنگی ولاری خوارییەك دەبێتە ویستیان.

خاوەنی تەفسیری التحریر دەڵێت: ووشەی ڕەحمە لە ڕشتەی کارە دەرونیەکانەو دەرهاویشتەکەی لە ڕشتەی کردارەکانە.[xxxiv] واتە سەرەتاکەی لە دەبێت دەرونی تاکی ویستمەند لە ناخیدا جێگیری بکات ، دواتر لە کردارەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، خۆی دەربازکات لە هەڵچوونی کاتی و ڕق و کینەی بێ سودو بەرهەم و خۆشەویستی هێندە فرەبێت جێی ئەمانە نەبێتەوە.

ئیبن قەییم دەفەرموێت:

سیفەتێکە هەرکاتێ بوونی هەبێت دەیەوێت سودو قازانج و چاکە و باشە بداتە بەندەکان، هەر چەندە ئەو ویستی نەبێ یان حەزی لێنەکات، ئەم هەر خواستی هەیەو بەداوی ئەوەوەیە سودەکە بگەیەنێت، وچەندیش گران و سەخت بێت هێشتا لای ئاساییە.[xxxv]

ئەم دوو بنەمایەی کۆتایی قورئان وینەی دروست بوونیانی کێشاوە کە شتێکی مەحاڵ وگران نیە، بەڵگو بگرە ئاساییەو دەبێتە ببێت چونکە دەفەرموێت: { وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} الروم: ٢١ دەبێتە جەعل و دانانێکی خوایی و خواکردی تەنها ئەوەی لە سەر مرۆڤ ڕادەوەستێ هەوڵی دۆزینەوەیەتی و بەکار هێنانی بۆ ئەو کەسانەی کە خواستی لە گەڵیان دەگونجێت و پێکەوە هەماهەنگ و ئاوێزان دەبن.

دواتر خوای گەورە دەفەرموێت: { إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ}. الروم: ٢١ ئەمە نیشانەو بەڵگەی گەورەیە بۆ ئەو کەس و گەل وژیر مەندانەی کە بیر دەکەنەوەو هزری خۆیان دەخەنە کارو بەکاری دەهێنن، لێرەوە سەرنج ڕادەکێشێ بۆ گەورەیی گرنگی ئەم بنەمایانەی کە باسمان کردن کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی هەیەو بە هەموان خێزانێکی تۆکمەو گونجاوو لە بار بەرهەم دەهێنن.

ئەو کاتە خێزان دەبێتە ئەو ژینگە سازو سایە شیرینەی کە لە دونیادا خۆشترین سێبەرو باوەش و جێیەکە بۆ ئەوەی ماندویەتی مرۆڤی ماندووی تیادەربچێت، لە هەمان کاتدا باشترین قوتابخانەیەك دەبێت بۆ ئەوەی ئەندامەکانی کۆمەڵی تیا پەروەردە ببێت.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر دارای ئەم سیفەتە نەبن ئەوا دۆزەخێك دروست دەکەن بۆ خۆیان هەردوکیان ، یان یەکیان دەسوتێنێ، جگە لە منداڵ و کەسو کاریان, وەك ئەم خێزانە کە قوربانی دەستی بێسۆزی ومێهرەبانین.

تەمەنی 27 ساڵە و چاوی پڕ فرمێسکەوە وەها بۆ زاری کرمانجی دواو گوتی: هاوسەرەکەم کەسێکی توندوتیژ بوو، زیاتر لە (5) ساڵە ژیانی هاوسەریمان پێکهێناوە، ژیانمان هەمیشە پڕ لە کێشە بووە، هاوسەرەکەم ئەگەر کارێکی بە دڵ نەبێت دەست لە من بەرز دەکاتەوە تا تۆڕەبوونی تەواو دەبێت لێم دەدات، ژیانم بەم شێوەیە لە دۆزەخ دەچێت، لە ماوەی ژیان هاوسەرگیرماندا هیچ ڕۆژێك بەبێ خۆشی سەرەم دانەناوتەوە، تەواو بێزارم لە ژیانم و هیچ ڕێگا چارەیەك نەما بۆ

چاك بۆنەوەی هاوسەرەکەم، چونکە تا دوا ڕادە دڵپیس و توندوتیژ بوو، بۆیە بریار جیابوونەوەمان دا و لە یەکتر جیابوینەوە.

## بابەتی سێهەم

## گرفتەکانی خێزانی کوردی

وەك باسمان کرد خێزان ئەو ژینگەیە کە تاکی سەلار و بەهرەمەندو بەسودو کارای ئەرێنی بۆ ژیان ئەسازێنێ،گەر بەو شێوەیە بونیات بنرێت کە قورئانی پیرۆز دیاری کردوە، هەموو هەستەکان لە هەردوو لاوە ئاراستەی ئەو شوێنەو پێداویستیەکانی کرابێت، لەوێوە دەسپێك بۆ ژیان دابنرێت.

بەڵام ئەم دەزگایەی خێزان بە هۆکاری خودی و بابەتی و هۆکاری دەرەکی گرفت ڕوی تێدەکات و کاریگەری نەرێنی لە سەر دروست دەکات. بەڵکو ئاراستەکەی دەگۆرێت بۆ زیندانێك یان ژینگەیەکی نالەبارو نەشیاو بۆ پەروەردەو پێگەیاندن.

گرفتەکانی خێزانی کوردی ئەمرۆبەگوێرەی سەرنج و تێگەیشتنی ئێمە بریتیە لە:

1. لاوازبوونی پەروەردەی ئایینی تاك، کە لەم دواییانەدا بەرِونی لێکەوتەی ئەم لایەنە لە زۆرێك لە خێزانەکاندا دەردەکەوێت.

کاتێك ئەم پەروەردەیە نامێنێ یان لاواز دەبێت، هاوسەرەکان هەردوکیان یان یەکێکیان دارایی ئەو پرۆگرام و یاساو رێساو نەرێتە دروستانە نین بۆ چونیەتی بەرێوە بردنی خێزان و پێکەوە ژیانی هەردوکیان.

لەدیکۆمێنتەکانی لیژنەی فەتوای سلێمانی ساڵەکانی( 2016_2019)هاتووە کە پیاوێك هاوسەر گیری دەکات و زوبانی بەرامبەر هاوسەرەکەی زمانێکی زبرو پڕ لە جوێن و شکاندن و بێ ڕێزیە بەرامبەر ئافرەتکە بەخۆیی و کەسو کاری، تەنانەت شەوەکان لە دەرەگانێکدا دەگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام چی دەگەرێتەوە، کەسێك کە هۆشی لە دەستداوە، خۆی ناناسێتەوە جگای خێزان و منداڵەکانی هەر لە دەرگای حەوشەوە بە قسەی هەلەق ومەلەق و بێ ماناو سوکایەتیەوە خۆی دەکات بە ژوردا.

ئەم جۆرە حاڵە تەنها یەك حاڵەت نیە بەڵکو بە پێی دیکۆمێنتەکان ساڵانە ژمارەکەی لە دەیان حاڵەت زیاترە، ئەوەی کە دیارەو ساکاڵای خۆی ئاشکرا دەکات.

ئەمەی کە باسی دەکەم سکاڵای چەندین ئافرەتی ئەم وولاتەی ئێمەیە، چەند جار سەردانیان کردوە بۆ لیژنەکانی فەتواو سکاڵای حاڵی خۆیان کردوە لەگەڵ پیاوێك لە هەفتەیەکدا چەند رۆژێك ئاوایەو کە دوای بەهۆش هاتنی پێی دەڵێن ئاخر بۆ وا دەکەیت ووڵامێکی زۆر زبرو بێ مانا دەداتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە هەندێکیان لە دەست نەبوونی و خەرجی دەناڵێنن دەڵێن ئێمە پارەمان نیەو خەرجیمان ناکات بۆ مەبەستي خۆی قەرز دەکات شتی ماڵ دەفرۆشێت، بەڵام بۆ ماڵ و منداڵی تەنها نیە دەزانێت.

ئەمە تەنها لایەکی لاوازی ئایینە، ئەوەی کە ئاگاداری ئایین نیە یان دورەو هیچی لێ نازانێ ، دەی دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات، لە کوێوە دەست پێ دەکات و بەچی و چۆن ؟، ماف و ئەرکەکان چەندن و چۆنن؟، بەرپرسیاریەتی پیاو تاکوێیە ؟ ژن لە کوێدا بەرپرسەو لە کوێدا بەرپرس نیە.

ڕۆڵی ئایی لێرەدا بریتیە لە هەماهەنگی وهاوسەنگی و پابەندی هەردوو بە بنەماو رێساکانی خێزانداری و بوونی چوار چێوەیەك کە دروست و نادروستی تیا درياو رون بێت .

رێژەیەك لەوانەی داوای جیابوونەوە دەکەن ئەم کەسانەن کە گیرۆدەن بەدەست کەسانی ئاواوە، پابەندی ئایینیان نیە یان هەیەو لاوازەو ئاکارو کردارەکانیان یەکتر بێزار دەکات.[xxxvi]

توندو تیژی خێزانی زۆر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها نائارامی ژینگەی ناو ماڵ و خانەوادەکان بەشێکی پەیوەندی بەم لایەوە هەیە. رۆژانە چەندان کارەساتی دڵتەزێنو جەرگ بڕ دەبینینو دەبیستین کە بەهۆی مەی خواردنەوەو خۆیی هۆش کردنەوە دەکەوێتەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت : (الخمر أم الفواحش وأكبر الكبائر من شربها وقع على امه وخالته وعمته).[xxxvii] واتە: مەی دایكو بنچینەی هەموو خراپەکانو گەورەترینی تاوانە گەورەکانە. هەرکەس بیخواتەوە، داوێن پیسی لەگەڵ دایکیو پورەکانی  دەکات .

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی 50 % ی حاڵەتەکانی زەوتکردنی جەستەیی (اغتصاب) بەهۆی کاریگەری مەیەوەیە، هەروەها زۆربەی دەست درێژی کردنە سەرمەحرەمەکان بەهۆی (مەی)ەوەیە.[xxxviii]

ئافرەتێکی تەمەن (34) ساڵە بە دەم گریانەوە گوتی:" من هاوسەرو منداڵەکانم زۆرخۆش دەویست، بەڵام هاوسەرەکەم هەمیشە بە مەستیەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە، منداڵەکانم ئازاریان دەچێشت و خۆم وێران بووم بە دەست هاوسەرەکەمەوە، زیاتر لە ساڵێکە جیابووینەتەوە، سەرەتای جیابوونەوەمان بۆم زۆر خەمناك بوو، فرمێسکی چاوەکانی منداڵەکانم ووشك نەدەبوو، بۆ ژیانێکی نوێی منداڵەکانم پێویست بوو ڕابردووی خۆم لە بیرکەم، ئێستاش بە ژیانێکی ئاسودە دەژین و دورین لە هاوسەرەکەم.[xxxix]

2. نەبوونی ڕۆشنبیری هاوسەرگیری. ئەوانەی لەم سەردەمەدا خێزان پێکدەهێنن ڕۆشنبیری پێویستیان پێنیە بۆ ئەوەی لەسەر بنەماکانی خێزانی تەندروست و سەلار پرۆسەکە ئەنجام بدەن، ئەوەندەی لە بیری قەدو باڵاو پێست ورەنگ و پارەو چۆنیەتی ماڵ و کەلوپەل و شایی و هتددان، ئەوەندە لە بیری هەست و نەستی پێکەوە بوون و بۆ یەکتر بوون، بەرجەستەکردنی خۆشەویستی خواستدارو تەنها لەگەڵ یەکتر بوون و دۆزینەوەی مەیدانی بەختیاری هاوبەشی نێوانیان نین.

خۆشەویستیەکی تێکەڵ بە حەزێکی خرۆشایی نابینایان هەیە، وادەزانن ئەوەیە خۆشەویستی پێویستی نێوانی هاوسەران ، بەڵام هەر دوای گواستنەوە بە چەند کازێرێك کۆتایی بەو خۆشەویستیە درۆزنە دێت، ئیتر جەنگ دەست پێ دەکات و دەڵێن ئێمە پێکەوە ناگونجێین.

کاتێ دەڵێم نەبوونی ڕۆشنبیری مەبەستم ئەو زانیاریانەیە کە قورئان دیاری کردوە بۆ ئەوەی هاوسەرەکانی لەسەری پێك بێن، ئەو ڕۆشنبیریە گرنگەیە کە ژیانێکی بەردەوام کەم گرفت و پڕ لە خۆشەویستی مەبەستدارو خواستدار زامن و دەستەبەر دەکات.

لەراگەیاندنی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەئاماری تایبەت بە لێك جیابوونەوە لە کۆی چوار پارێزگای هەرێم ئەو ڕێژەیە زیادی کردووە. بە پێی زانیارییەکانی نێو ئامارەکان هۆکاری جیاجیا لەپشتەوەی زیادبوونی ئاماری لێك جیابوونەوەکانە کە سەرەکی ترینیان نەگونجان لەگەڵ یەکتر و هەروەها جیاوازی تەمەن و هۆکاری نەزۆکی و داوێن پیسی.[xl]

لە ڕاگەیاندنێکی نوێی ئەنجومەنی دادوەری ئاماری ساڵی 2018 و شەش مانگی یەکەمی 2019 ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ (14) هەزارو (369) هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری و پشکی شێریش بە پارێزگای سلێمانی دەکەوێت، هۆکاری زۆرینەش دەگەڕێننەوە بۆ لە یەك حاڵی نەبوونی هاوسەران.[xli]

ئەم لەیەك حاڵی نەبوونەو نەگونجانە پێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕۆشنبیری هاوسەرگیری، نائاشناییان بەو بنەما سەرەکیە گرنگانەی کە پێویستە بەرجەستەببن پێش ئەوەی بچنە ناوکەژاوەی خێزانەوە .

ئەم ئامارانە زەنگێکی ترسناکەو هەڕەشەیەکی زۆر بەهێزە لە خێزانی کوردی کە لەبەردەم دارِمانێکی خێرادایە، گرێبەستی هاوسەرگیری ڕێژەکەی دادەبەزێت و ڕێژەی جیابوونەوە بەداخەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئەمە هەڕەشەیە لە شیرازەی خێزانی کۆمەڵگەی کوردی.[xlii]

### 3. ناپاکی خێزانی

یەکێك لە دیاردە نەرێنیەکانی کۆمەڵ کە لە جیهاندا تەنگی بە زۆرێك لە خێزانەکان هەڵچینوەو لە کوردستانیش خەریکی دەبێتە دیاردەو گرفت بۆ ژینگەی خێزانی دروست دەکات.

بە هۆکاری جیاجیاو گاریگەر بوون بە کاراکتەرە ناوەکی و درەکیەکان، بەشێك لە ژنان و پیاوان تێوە دەگلێن و ژیانی هاوسەریان دەخەنە مەترسیەوە.

ناپاکی هاوسەری و خێزانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایەو لە نێونی تەمەنە جیاوازەکاندا، زۆرتر لە تەمەنی شازدە ساڵی هەتا چل ساڵی دیاردەکە گەشەدەکات.

شێوازی ئەنجامدانی ئەم ناپاکیە یەك شێوە و جۆر نیە، بەڵکو بە چەند جۆری جیاواز ئەنجام دەدرێت، سادەتریان لە رێی تەلەفۆن و ئامرازەکانی پەیوەندیە بە تایبەت تۆرە کۆمەڵایەتیەکان کە زیاتر خۆی لە چات و نامە گۆڕینەوەو پەیوەندی ڕاستەو خۆو لایڤی تایبەت یان گروپ هەتا دەگاتە تێکەڵ بوونی جەستەیی و ئەنجامدانی کاری نادروست.

لە ساڵی 2018 لە دیمانەیەکی تایبەت لە گەڵ خێزانێك کە زۆر دەمێك نەبوو هاوسەرگیریان کردبوو، ئەم ڕاستیە زۆر بەڕونی دەردەکەوێت، چیرۆکی ژیانیان وەك فیلمێکی پێکەنین وایە، پرسیارم لە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم خێزانە تازەیە کرد، پیاوەکە دەستیکردە باسکردن و سەرەتای دەسپێکی هاوسەریانی گێڕایەوەو جۆری کارو پیشەکەیی و ماندبوونی بۆ بەخێوکردن و پەیداکردنی پژێوی ژیان، بەیانی لە کاتژمێر حەوت دەچێتە سەرکارو ئێوارە دێتەوە ماڵ و ئەوەی پێویستی ماڵ بێت دابینی کردوە.

بەڵام ئەم خێزانەی لە پشتی پەردەوە ناپاکی دەکات، ناپاکی چی؟ ووتی کە شەوو دەخەوین ئەویش دێت لەگەڵ من دەخەوێت، منیش وادەزانم بەڕاستی خەوتووە بەڵام کاتێ خەووم لێ دەکەوێت ئەو هەڵدەسێتەوەو ئەنتەرنێت دەکاتەوە و هیتفۆنێك لە گوێ دەکات و لەگەڵ هاورێکانی فیسبوك دەکەوێتە گفتۆگۆ، ئەمەم نەزانیوە تا بەیانیەك لە خەو بەخەبەر هاتم، سەرنجم دا خێزانم لە تەنیشتم نووستوە بەڵام هیتفۆن لە گوێدایەو لایف دڕوات و سنگ و بەرۆکی بە روتی دیارەو ڕاستەو خۆ پەخشی کردوە، بۆ کێ بۆ هاورێانی کۆمەڵێك کوڕ وکاڵ، و هەریەکە قسەیکی بۆ نووسیوەو ئیتر نازانم بە قسە چیان پێووتوە، من ئەمەم لەم ژنەی خۆم بینیوە، دەڵێم ئەمە چیە بۆ چی لەبەرچی؟، لە پاڵ خۆمدا لە سەر جێگەو بە خواستی خۆت شووت کردوە هیچ کەمو کوریەکت نیە ئاخر بۆچی؟.

کاتێ پرسیارم لە ژنەکە کرد ووڵامی هیچ نەبوو تەنها ئەوە نەبێت نازانم بڵێم چی، کردومەو هەر تەنها لایف بووەو هیچی تر. کوڕەکە تورە بوو، ووتی ئاخر واتای چی تەنها لایف بووە.( دیمانەیەکی تایبەت لە ساڵی 2018)

نموونەی ئەم جۆرە ناپاکیە زۆرەو لە ساڵێك ئەوەی ئێمە بینیومانەوە لە نزیکەوە لەگڵیان دواوین دەگاتە دوازدە حاڵەتی لەم جۆرە بەشێکی دیکەی باسی ناکات و بە نەهێنی دەیهێڵێتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی یەکیەتی پیاوانی کوردستاندا هاتوە کە لە ساڵی 2018 ڕێژەی (57%) جیابوونەوەو دەرکردنی پیاوان لە ماڵ، بەهۆی ناپاکی خێزانیەوە بووە، کە ئەمە ڕێژەیەکی یەکجار بەرزو ترسناکە.(xliii)

ئەم ڕێژە بە پێی ڕاپۆرتەکە تەنها ناپاکیەکە کە پیاوان ئەنجامیان داوە، ڕێژەی ئەوەی تر دیار نیە کە ژنان ئەنجامی دەدەن.

بە گوێرەی ئامارێکی هەرێمی کورستان ڕێژەی جیابوونەوە لە دادگاکاندا بە هۆکاری ناپاکی خێزانیەوە لە (10%) هەڵدەکشێ بۆ (19%)، وە لەوە سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە لە هەموو ئامارەکانی ساڵەکاندا هۆکاری ناپاکی هاوسەری هۆکارێکی سەرەکیەو ناوی هاتووە.(xliv)

بەشێکی زۆری وەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیەوە ئەنجام دراوە.

ئەم دیاردەیە وادەکات هاوسەرەکان دڵیان لە یەکتر پیس بێت ومتمانەیان بەیەکتر نەمێنێ و دڵە ڕاوکێیەکی زۆر بەهێز دایان بگرێت، هەر یەکەیان چاودێری ئەوی تریان بکات ، بەم شێوەش ژیانی هاوسەرگیری دەکەوێتە بەردەم هەرەس و مەترسی لێکترازان.

ئافەرەتێکی تەمەن 25 ساڵ زیاتر لە (5)ساڵە ژیانی هاوسەری پێك هێناوە دەڵێ"من بە خۆشەویستی چوومە نێو ژیانی هاوسەری ، سەرەتای ژیانمان بە سۆزو خۆشەویستی دەستی پێکرد، بەڵام هاوسەرەکەم کەوتە گومان کردن و دڵپیسی کردن ڕێگا نەدەدان بچمە دەرەوەی مال تەنانت ماڵی باوکیشم ، وای کرد ژیان ببێتە زیندان بۆم منیش هەمیشە بە دوای ڕێگچارەێکدا دەگەرام تا هاوسەرەکەم باش بێت من ئازار نەدات ، لەو کاتەی کە ئیمە نیگەرانی ژیانی هاوبەشمان بووین زۆر لە مێژبوو هیچ هەست و سۆزێك لە نێوانماندا نەمابوو ، بڕیاری جیا بوونەوەماندا.(xlv)

**4. کەسی سێهەم**

هۆکاریکی دیکەی جیابوونەوە ئەم جۆرەیە کە کەسی سێهەم دەستدەخاتە ژیانی هاوسەر گیریەوە ،(xlvi) ئەمەش دوو جۆرە، جۆرێکیان: بریتیە دەستوەردان بە نیەتی باش و پاك و خزمەت پێکردن کە ئەمەیان کەمتر دەبێتە کێشە، چونکە خواستە ئەرێنیەو مەبەست لە پشتیەوە پاکە، مەگەر ئەوانەی کە بەنەزانی و شێوەیەکی هەڕەمەکی بڕیارێکیان بۆ دەدات

و لێیان تێك دەدات، بە تایبەت لە لایەن خوسووەکانەوە لە هەردوو لاوە گوایە دەیەوێت زاواکەی باشکات و کۆنترۆڵ بێت، یان بوکەکەی بکاتە گوێ لە مشتی خۆی.

جۆری دووەم دەستوەردانی دەستێکی ناپاکە بە ژیانی هاوسەرگیریان، ئەمەش بەشی زۆرینەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیەکانی پێش هاوسەرگیری هەردوولا، لە کاتی قوتابیەتی و خوێندنی دواناوەندی و زانکۆو پەیمانگادا، پەیوەندیەکی بەربڵاویان لە ڕەگەزی بەرامبەریان هەبووە، لە کچان یان لە کوڕان چەند خۆشەویست ودڵداریان هەبووەو ماوەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕی نامەو دەرچوون پەیمان و گفتیان لە نێوانیاندا هەبووە، کەچی دواتر دەگۆڕێت کەسێکی جوانتر و کەشخەترو دەوڵەمەندترو هتد دەێتە گۆڕێ ، ئیتر کاتێ لەگەڵ یەکیان هاوسەرگیری دەکات، ئەوانی دیکە دەکەونە ئازاردانی و لێ تێکدان.

پەنا بۆ زۆر شتی نادروست دەبن لە ڕێگەی نامەو هەڕەشەو دواتر سێحر وجادوو، وە هەر ڕێگەیەکی دیکەو دروستکردنی گومان بۆ هاوسەرەکان بەرامبەر یەکترو دواتر لێکترازان.

ئەم جۆرەی کە باسم کرد لە هەردوو لاوە بەدیمان کردوە، کچێکی تەمەن نوزدە ساڵ هاوسەرگیری کردبوو، لە گەڵ کوڕێك بە ڕێکەوتن، هەر ئەوەندە ژیانیان خۆش بوو کە مارە بڕاو بڵاو بویەوە کە هاوسەرگیری کردوە، کوڕەکە دەڵێت چەند جار نامەی سەیرو سەمەرەم بۆ دەهات لە بارەی ئەم کچەوە، شتی وای دەنووسی خەریك بوون تێکدەچووم ، ئەوەی من دەیناسم مارەم بڕیوە دەبێ وابێت، دەڵێیت دانیشتین و یەکەیەکە نامەکانم بۆ خوێندەوە بە ژمارەیەکی سەیر دەهات نەمان دەزانی کێیە، هاوسەرەکەشم نەیدەزانی، ووتم بیر بکەرەوە بزانە ئەمە کێیە ووتی نازانم کامیانە، ووتم بۆچی خانم تۆ چەندت هەیە وا نازانی کامیانە، ووتی ئەو کاتە ژیر نەبووم، نەمدەزانی کە ئاوای لێدێت، لەگەڵ گەنجان پەیوەندیم هەبووە.

کوڕەکە لە درێژەی قسەکانیدا ووتی کەوتمە نێوانی دوو بوارەوە نەمدەزانی چی بکەم ئایا بەردەوام بم لەگەڵ ئەم کچەو گوێنەدەم بەم نامەو قسانە، ئەی دوای گواستنەوە دەبێت چی ڕوبدات، لەمە خراپتر ناخوڵقێ، ئایا ئەمە کارەسات ئامێز نابێت، ئەی لە ئێستادا باشترنیە دەست هەڵگرم ئەو بۆ ڕێی خۆییو منیش بۆ ماڵی خۆم. ماوەیەك لەم حاڵەتدا مامەوەو لە سەرەێکەوە بەزەیم بەو کچەدا دەهاتەوە کە بە نەزانین لە سەر قسەی خۆی تیکەوتووەو گوناهی نیە، نامەردێکە بە گیری هێناوەو ژیانی لتێکداوە، لەو لاشەوە گریانم بۆ ژیانی خۆم دەهات کە ناکرێ سەرەتای ژیانی هاوسەریم بەم خەم و خەفەت و ناسۆرەوەو دوو دڵیەوە بێت.

لە دواجاردا بۆ چوونم هاتووتە سەر ئەو بڕیارەی لێرەدا کۆتایی بە ژیانی هاوسەریمان بهێنین باشترە تا دواتر کارەساتی ناخۆشی لێبکەوێتەوە.[xlvii]

ئەمە چیرۆکی کەسێکە بەڵام تەنها ئەم نیە چەندین واهەیە کە لەم جۆرە حاڵەتەیان هەیەو هەڕەشەی لە خێزانیان کردووەو سەرەنجام کارەساتی دڵتەزێنی لێکەوتوەتەوە.

جاری وا هەیە لە ڕێگەی جادوو دۆعای سێحر ئامێز کە لە لایەن هەندێ کەسی بێویژدانەوە بۆیان دەکرێت، ژیانیان لێ تێکدەدات.

لە دیمانەیەکی تایبەت لە سەر خواستی خێزانەکە، کە گرفتیان هەبووە، بە شوێن کەسێکدا دەگەڕان کە چارەسەریان بۆ بکات، ژنە ووتی دۆعاو نووشتە ڕاستی هەیە، ووتم بۆچی ؟ ووتی واللە من لەگەڵ هاوسەرەکەم کێشەیەکم هەیە تازە بۆمان دروست بووە هەردوکمان کە لە ماڵ دیینە دەرەوە حاڵمان زۆر باشەو سوێند بە سەریس یەکتر دەخۆین بەڵام کە دەچینەوە ماڵ دڵمان دەدەگیرێت و تورە دەبین و لە یەکتر خەریکە لە داخی ئەم حاڵەتە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبین، نازانین بۆچی واین.

لێم پرسی کارتان چیە؟ ووتی من کارمەندم، هاوسەرەکەشم مامۆستایە، تۆ لەگەڵ کەسی تر پێش ئەم هاوسەرەت بڕیاری خۆشەویستیت نەداوە، ووتی نەخێر من لە ژیانمدا خۆشەویستی دەرەوەی شەرعیم نەکردوە. ئەی هاوسەرەکەت؟ ووتی واللە ئەو لەگەڵ کچێکی ئامۆزای خۆی پەیوەندیان هەبووەو بۆی باسکردوم دواتر پەشیمان بووەتەوە هاوسەرگیری لەگەڵ نەکردوە لە بەر هۆکاری تایبەتی خێزانی خۆیان. ئەي ئەو کچە هاوسەرگیری نەکردوە، ووتی نەخێر، دەي پەیوەندیتان چۆنە ووتی واللە باشە دێت بۆ سەردانم و ئێمەش ئەچین بۆ سەردانیان، ئەي هیچ

شتێکی بۆ نەهێناوون دیاریەك شتێکی خواردن یان لەوماڵەدا بگەڕێ بزانە شتێ پێچرابێتەوە نووشتەیەك یان هەرشتێك کە هەبێت،پاش چەند ڕۆژێك پەیوەندی کردەوە ووتی مامۆستا شتێکی زۆر سەیر چیە؟ ووتی: جانتایەکی شانم هەیە، زۆر بەکاری ناهێنم کردمەوە سەیرم کرد لە ناوەوە شوێنێکی هەڵتەقاوەو دواتر بە بەکرەیەکی ڕەش دوراوەتەوە، منیش هەرچی بیرم هێناو بردم ئەم جانتایە تازەیە بۆچی هەڵتەقاوەو بۆچی دوراوەتەوەو کێ دوریویەتەوە، ئەو شوێنەم هەڵتەقاندەوە کە سەیر دەکەم نووشتەیەکی تێدایە، منیش ووتم نووشتەکە بهێنە بابزانم چی تێدایە، کاتژمێر هەشتی شەوو بوو هاتنە ماڵمان و نووشتەکەیان هێنا ناوی هەردوکیانی تێدایە و هەندێ جدول و پیتی سەیرو ناوی نەبیستراو لەم بابەتەی تێدایە، تێگەیشتن ئەمە هەوڵێکە بۆ تێکدانی ژیانی ئەم دووانە.( دیمانەیەکی تایبەت 2017/3/14).

لەم نموونانە زۆر هەیەو هەریەکیان هەڵگری خوێندنەوەی جیاوازەو خێزانی کوردی ئێستا لەبەردەم ئەم جۆرە کارانەدایە، ئەم هەوڵانە هەڕەشەی گەورە دەکەن لە ژیانی هاوسەری لە کوردستاندا.(xlviii)

## 5. منداڵ نەبوون

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە ڕێژەکەی مەترسی دارنیە نەبوونی منداڵە، جا لە لایەنی کوڕەکەوە بێت یان کچکە، کاتێ دەگەنە ئەو قۆناغەی کە ئیتر لە منداڵ بوون بێ هیوا دەبن ، دەکەونە مقۆمقۆی جیا بوونەوە.

## 6. هاوسەرگیری دووەم

ئەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی جیابوونەوە ئەم خاڵەیە کە لە ئێستا لە بەر باسەو چەندین کەیس هەیەو گەیشتوەتە کۆتایی و جیابونەوە، یان لە یەکتر دابڕاوون و پەیوەندیان بە یەکەوە نەماوە، پیاوەکە خێزانێکی دووهەمی هێناوە خێزانی یەکەمی ڕێگەی نادات بچێتەوە لایان، یان ماڵەکەی بەجێهێشتوە بە تەنها یان لە ماڵی باوکو کەس و کاری دەژی.

بەڵێ دیارە هاوسەرگیری دووەم دروستەو بەجێیە بەڵام یەکسان نیە بە تێکدانی خێزان و جیابوونەوە لە هاوسەری یەکەم، مانای وانیە ماڵێك دروستکەیت و ماڵێك وێران.

ئەم هۆکارە چیرۆکی سەیرو سەمەرەی زۆری تێدایەو دیمەنی زۆر ناخۆش نەگونجاوو نەشیاوو لە نێوانی ژن و مێردا بەدی دەکرێت.

ئافرتێك خۆی بۆی باسکردم لەگەڵ زاوایەکی سەردانیان کردم، لە نێوانی قسەکانماندا باسی هاوسەرەکەی هاتە پێش و ترسیم بۆچی لەگەڵتان نەهاتووە، ووتی نایەت، بۆچی؟ لەوانەیە پێمان بووتایە دەهات بەڵام خۆم نامەوێت بێت.

ئیتر ئالێرەوە چیرۆکی خۆی گێرایەوە، ووتی هەتا نەبوو بوو، لەگەڵمان ژیاو من ژنی چاك بووم ، بەڕەزالەت منداڵم بەخێوکردن کرێچی بێجێگەو ئەرکی منداڵ و ماڵ چەندین ساڵی ئاوامان بەڕێکرد، تا ساڵهات و ساڵ ڕۆیی، ژیانمان گۆڕاو دەوڵەمەند بووین و خانووی خۆمان کڕیی، بوینە خاوەنی سەیارەو پارە، دوای ماوەیەك کەوتە سەر کەڵکەڵەی ژن هێنان، زۆری بۆ هێنام و ئازاری بۆ دروستکردم خۆشیمان لە هەبوون و پارەداریە نەکرد، ئیتر منیش ووتم برۆ ژن بهێنە بەڵام ئیتر لە لای منەوە تۆ نیت، بەشی خۆم منداڵەکانم بدەرێ خوات لەگەڵ.(48)

جیا نەبووینەوە، بەڵام لەو کاتەی ژنی هێناوە تەنها وەك میوان ڕێگەی ماڵی منی هەیەو ئەوە نزیکەی سێ ساڵ زیاترە دورو دۆستین.

ئەم هۆکارە ئێستا کەیسی زۆری دروستکردوە بۆ جیا بوونەوە، یان تێکچوونی شیرازەی خێزان، بەشێکی زۆریان بەختیاری تیانەماوەو ڕیزی یەکتری کەوتوەتە ژێر پێی حەزو ڕقەوە.

## 7. هۆکاری ئابوری

ئەم هۆکارە بە پێی زانیاری ئێمە زۆر کاریگەری ئەوتۆی دروستنەکردوە، لە هەندێ حاڵەت دەرناچێت.وەك ئەم نموونەیە

خانەوادەیەك یازدە ساڵە ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، لە چەندین لاوە کێشەیان هەیە بە تایبەتی گرفتی ئابووری کە بووتە کێشەیەکی سەرەکیان ، چونکە پیداویستیەکانی ڕۆژانە زۆرن هەر لە خواردن و جل و بەرگو سەردانی پزیشك و تادەگاتە کرێی خانوو و کارەبا و ئاو ، جگە لە موچەی مانگانە هیچ داهاتی تریان نیە، بۆیە زۆرجاریش بە هۆی دواکەوتنی موچەوە کێشەیان زیادی کردوە.

خێزانێکی تازە ئەمام هاتنە لیژنەی فەتواو داوای جیابوونەوەیان کرد،ژنەکە زۆر سور بوو، پیاوەکە زۆر حەزی نەدەکرد، ووتمان هۆکار چیە ئێوە بەخێرایی‌و و پەلەپەلە بەدوای جیابوونەوەن، پیاوەکە ووتی ناگونجیین، بۆضي ئەمە مەتەڵە ئاخر بۆچی ناگونجێن، ژنە ووتی والله هۆکارەکە بریتیە لەوەی کە ئەم پیاوە کار ناکات کەسابەتی نیە، ناتوانێ ژن بە خێو کات هەر چاوەڕوانی دەستی منە، ئەوەی منیش هەمە ئیشی دەستی خۆمەو ماندو دەبم ڕۆژ تا ئێوارە ئەخەوێت و هەڵسا پارەی لە من دەوێت و دەچێت خەرجی دەکات بۆ خۆی ئیتر نالێ خۆ ئەمە پارەی ئەو ژنەیە و ماڵمان هیچی تیانیەو خۆم هیچ ناکرم ئەی نابێ لە بیری ماڵدا بم.

دەڵێم بچۆ وەك خەڵك کرێکاری بکە ئاو بفرۆشە و شتێك بکە ئاوا نابێت هیچ ناجوڵێ ماوەیەکی زۆریشم داوەتێ کە باش نابێ ئیتر ژیانی لەگەڵ نابەمە سەر.(xlix)

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە کە ئەنجامی دەستەککەوتی ئەم توێژینەوەیە

1. خێزان یەکەیەکی زیندوی پێویستی نەمری گۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەو سەرچاوەی پەروەردەو پێگەیاندنی تاکی سەلار و گونجاوە بۆ ژیان لە ناو گۆمەڵگەکەی خۆیدا.
2. دوانەیی و جووتەیی ڕەگەزی لە نێوان ئادەمیدا حەقیقەتی گەردوونیەو بەبێ یەکتر نایان کرێت و بە تەنها یەکیان ژیان ناڕوات و هیچیان ناتوانن دەسبەرداری ئەوی تریان ببێت.
3. قورئانی پیرۆز زۆر بە ووردی دەستوری خێزانداری داڕشتوەو ئامانجەکانی دیایکردوە، لادان لە ودستورو بنەمایانە لە کار خستنی ڕۆلی خێزانەوەو زیان گەیاندنە بە پێگەی مرۆڤ بوون.
4. هۆکارەکانی جیابوونەوەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری دەگەڕێنەوە بۆ خودی تاکەکان و ئەندازەی زانست و ڕۆشنبیریان و پابەند بوونیان بە بەهاکان و پاریزگاری لە کیانی مرۆڤبوون، پراکتیکەکردنی حەزەکان بە شێوەیەکی دروست و ڕەوا.

## پەراوێزەکان

---

i . فەرهەنگی کوردستان ، گیوی موکریانی،دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، 1999، (390) پیتی (خ).
ii . سەرچاوەی پێشووی.
iii . علم الاجتماع العائلي ، بهاء الدين خليل تركية، (24). الزواج والعلاقات الاسرية(32).
iv . المعجم الوسيط ،إبراهيم مصطفى . أحمد الزيات . حامد عبد القادر . محمد النجار، دار الدعوة، تحقيق: مجمع اللغة العربية،(17).
v . تاج العروس، محمد بن محمد بن عبد الرزاق الحسيني، أبو الفيض، الملقب بمرتضى، الزبيدي، (ج/85،10).
vi . فتح الباري،(ج/ 6(528 ).
vii . التحرير والتنوير، الشيخ محمد الطاهر بن عاشور، دار سحنون للنشر والتوزيع،تونس، 1997م، (ج/227،19).
viii . سەرچاوەی پێشووی.
ix . تفسير التحرير والتنوير(ج/318،19). وابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (المتوفى: 774هـ)، المحقق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى 1419 هـ (ج/370،6 ).
x . تفسيرالتحرير والتنوير(ج72/12).
xi . سەرچاوەی پێشووی. (ج/330/2).
xii . المفردات في غريب القران، أبي القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الاصفهانى المتوفى سنة 502 هـ، تحقيق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، الدار الشامية - دمشق بيروت، الطبعة الأولى - 1412 هـ(96).
xiii . معجم مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، المحقق : عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، الطبعة 1399هـ - 1979م.(150).
xiv . أحكام القرآن، القاضي محمد بن عبد الله أبو بكر بن العربي المعافري الاشبيلي المالكي (المتوفى: 543هـ)، راجعه: محمد عبد القادر عطاء، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة الثالثة، 1424 هـ - 2003 م(ج/133،3).
xv . سيماء المرأة فى الإسلام بين النفس والصورة، د. فريد الانصاري،(19.18). رؤية عصرية للقرآن الكريم،د. توفيق حميد، دار القرآن للنشر، الطبعة الاولى 2013م(98).
xvi . تفسير تفسير البحر المحيط، محمد بن يوسف الشهير بأبي حيان الأندلسي، دار الكتب العلمية – لبنان، بيروت، 1422 هـ - 2001 م الطبعةالأولى،ج/ 4، 11. زاد المسير في علم التفسير، عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي، المكتب الإسلامي ، بيروت الطبعة الثالثة ، 1404 هـ، ج/1، 484. تفسير جامع البيان في تأويل القرآن، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (المتوفى: 310هـ)،المحقق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ج/3، 55، ج/20، 86 . تفسير اللباب لابن عادل، أبو حفص عمر بن على ابن عادل الدمشقى الحنبلى ت بعد سنة 880 هـ، دار الكتب العلمية . بيروت، ج/5، 6. المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، أبو محمد عبد الحق بن غالب بن عبد الرحمن بن تمام بن عطية الأندلسي المحاربي (ت: 542هـ)،المحقق: عبد السلام عبد الشافي محمد، دار الكتب العلمية – بيروت،ج/ 2، 67. روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، محمود الألوسي أبو الفضل، دار إحياء التراث العربي،

بيروت، ج/ 15، 348. الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل، أبو القاسم محمود بن عمرو بن أحمد، الزمخشري جار الله (المتوفى: 538هـ)، دار الكتاب العربي، بيروت، الطبعة الأولى - 1427 هـ . 2006م،(ج/356،2).

[xvii] . صحيفة الوسط، العدد 3239 - الأربعاء 20 يوليو 2011م الموافق 18 شعبان 1432هـ، النظام الأسري عبر العصور، المنامة - حسين محمد حسين .

[xviii] . تفسير القرطبي (ج/53،17).

[xix] . التحرير والتنوير(ج/70،21).

[xx] . المرأة وحقوقها في الإسلام/ محمد الصادق عفيفي ص133..

[xxi] . التحرير والتنوير(ج/44،25).

[xxii] . بناء المجتمع الإسلامي، د نبيل السمالوطي، دار الشروق للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الثالثة 1418هـ-1998م.(78،80).

[xxiii] . تفسيرروح المعاني،( ج/15، 348 ).

[xxiv] . ئەم ڕوداوە لە بەردەم لیژنەی فتوای سلێمانی ڕویدا لە ساڵی 2016.

[xxv] . تفسير المنار محمد رشيد بن علي رضا بن محمد شمس الدين بن محمد بهاء الدين بن منلا علي خليفة القلموني الحسيني (المتوفى: 1354هـ)،الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، 1990 م، (ج/ 9، 518). المفردات (236).

[xxvi] . مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى: 728هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة،المملكة العربية السعودي،طبعة، 1416هـ ./1995م، (ج/5، 571).

[xxvii] . مفردات الفاظ القرآن الكريم (860).

[xxviii] . تفسير القرآن العظيم، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي [ 700 -774 هـ ]، سامي بن محمد سلامة، دار طيبة للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية 1420هـ - 1999 م.(ج/3/525).

[xxix] . الصحاح تاج اللغة ، إسماعيل بن حماد الجوهري، تحقيق أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين ،بيروت ، لبنان، الطبعة الرابعة 1407 هـ - 1987 م.(ج/549،3). المصباح المنير ، أحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي، المكتبة العلمية – بيروت، (652). الفروق اللغوية، أبو هلال العسكري، تحقيق مؤسسة النشر الاسلامي ، الطبعة الاولى 2000 م، (143). المعجم الوسيط(ج/1020،2).

[xxx] . تفسير السعدي (639)، تفسير ابن كثير (6/ 309).

[xxxi] . التحرير، والتنوير (1/ 644).

[xxxii] . الصحاح تاج اللغة(ج/232،5)، معجم مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، المحقق : عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، الطبعة 1399هـ - 1979م.(498).

[xxxiii] . مفردات الفاظ القرآن الكريم (347).

[xxxiv] . التحرير والتنوير(ج/199،1).

[xxxv] . إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان، محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي أبو عبد الله، دار المعرفة – بيروت، الطبعة الثانية ، 1395 – 1975، تحقيق : محمد حامد الفقي، (174).

[xxxvi] . بەشێك لە ئافرەت كە سەردانی لیژنەكانی فەتوا دەكەن هۆكاری جیابوونەوەكەیان ئەم بابەتەیە.

[xxxvii] . رواة الطبراني 11372/164/11 وهو حديث حسن. انظر صحيح الجامع (3345).

[xxxviii] . دیاردەی مەی خواردنەوە لە ناو گەنجاندا، ئامادەكردنی: ماڵپەڕی نوور، http://judi.ueuo.com/ ، پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز.(63).

[xxxix] . وەرگیراوە لە ڕاپۆرتێكی گەلاوێژ رحمن لە سۆران ، بەناوی فاكتەرەكانی زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوە . لە لاپەڕەیەكی كۆلایەتیدا بڵاوی كردوەتەوە.

[xl] . ماڵپەڕی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان،2015/8/18. ماڵپەری ڕوداو ڕاپۆرتێك بە ناوی: هەرێمی كوردستان.. ڕێژەی تەڵاق بەرزدەبێتەوە و هاوسەرگیری كەم دەكات، ڕەوا عەبدوڵلا نوسیویەتی لە 26-11-2014.

[xli] . ماڵپەڕی دوارۆژ ، ڕاپۆرتێك دەرباری ڕاگەیەنراوی ئەنجومەنی دادوەری، كۆچەر علی نوسیویەتی، لە 2019/8/9.وة ڕاگەیەنراوی تایبەت بە ڕۆژی جیهانی خێزان – 2016، ئامادەكردنی: )بەشەكانی: پارێزگاری خێزان، پلانو هەماهەنگی( لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری‌و گەشەپێدانی كۆمەلایەتی لە پارێزگای سلێمانی، وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلایەتی.

[xlii] . بۆ زیاتر زانیاری بنوارە گۆڤاری گوڵان، ژمارە (1150) ساڵی(2017/12/12) لاپەڕە(4948).

[xliii] . سايتي عنب بلدي، ارتفاع حالات العنف ضد الرجال في اقليم كوردستان،2019/1/6، والعربي الجديد: رجال معنفون في كوردستان، بغداد ، زيد سالم، 12، يناير 2019.

[xliv] . ماڵپەڕی كتابات بابەتێك بە ناوی: إقليم كردستان يشهد ارتفاعا في معدلات الطلاق بـ 3 أضعاف خلال عام واحد، بغداد، كتابات ، الخميس 28 شباط/فبراير 2019 .

[xlv] . وەرگیراوە لە ڕاپۆرتێكی گەلاوێژ رحمن لە سۆران ، بەناوی فاكتەرەكانی زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوە . لە لاپەڕەیەكی كۆلایەتیدا بڵاوی كردوەتەوە.

xlvi . گۆڤاری گوڵان، ژمارە (1150) ساڵی(2017/12/12).

[xlvii] . گفتوگۆیەكی تایبەت بووم بە ئامادەبوونی هەردوكیان ئەم باسەیان بۆ باسكردم، لە بەرواری (2017/9/20).

[xlviii] . ئەم ڕوداوە لە ساڵی 2017 ڕویداوە، بەڵام لە دوای ئەمەش چەند بابەتێكی دیكەی تریش هەبوون كە خۆم گوێبیستی حاڵیان بووم لە 2018، 2019 زیاتر بووە، پرسیارو كێشەی سیحر وجادوو نووشتە زیادی كردووە، جاری وابووە لە هەفتەیەكدا دوو كەیسی وا هاتووەتە لامان.

48. (دیمانەیەكی تایبەت لە 6_2019/7/7) ئەنجام دراوە.

[xlix] . ڕۆژی چوارشەمەی (2019/9/11) هاتنە بەردەم لیژنەی فەتواو كەیسەكەمان دواخست بۆ هەفتەیەكی دیكە. بە دیكۆمێنێت تۆمار كراوە.

## ليستی سەرچاوەكان


1. التحرير والتنوير، الشيخ محمد الطاهر بن عاشور، دار سحنون للنشر والتوزيع، تونس، 1997 م.
2. تفسير القرآن العظيم، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (المتوفى: 774هـ)، المحقق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى 1419 هـ.
3. البحر المحيط، محمد بن يوسف الشهير بأبي حيان الأندلسي، دار الكتب العلمية – لبنان، بيروت، 1422 هـ - 2001 م، الطبعةالأولى.
4. أحكام القرآن، القاضي محمد بن عبد الله أبو بكر بن العربي المعافري الاشبيلي المالكي (المتوفى: 543هـ)، راجعه: محمد عبد القادر عطاء، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة الثالثة، 1424 هـ - 2003 م.

5. جامع البيان في تأويل آي القرآن، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (المتوفى: 310هـ)،المحقق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة.
6. اللباب في علوم الكتاب، أبو حفص عمر بن على ابن عادل الدمشقى الحنبلى المتوفى بعد سنة 880 هـ، دار الكتب العلمية . بيروت،.
7. المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، أبو محمد عبد الحق بن غالب بن عبد الرحمن بن تمام بن عطية الأندلسي المحاربي (المتوفى: 542هـ)،المحقق: عبد السلام عبد الشافي محمد، دار الكتب العلمية – بيروت،.
8. روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، محمود الألوسي أبو الفضل، دار إحياء التراث العربي – بيروت.
9. زاد المسير في علم التفسير، عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي، المكتب الإسلامي ، بيروت، الطبعة الثالثة، 1404 هـ.
10. الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل، أبو القاسم محمود بن عمرو بن أحمد، الزمخشري جار الله (ت: 538هـ)، دار الكتاب العربي – بيروت، الطبعة الأولى - 1427 هـ . 2006م.
11. الجامع لأحكام القرآن،أبو عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري الخزرجي شمس الدين القرطبي (ت: 671هـ)، تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، دار الكتب المصرية، القاهرة، الطبعة الثانية، 1384هـ - 1964 م.
12. المنار، محمد رشيد بن علي رضا بن محمد شمس الدين بن محمد بهاء الدين بن منلا علي خليفة القلموني الحسيني (ت: 1354هـ)،الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، 1990 م.
13. بحر العلوم، أبو الليث نصر بن محمد بن أحمد بن إبراهيم السمرقندي (ت: 373هـ)، دار الفكر، بيروت، تحقيق: د.محمود مطرجي.
14. تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، المؤلف: عبد الرحمن بن ناصر بن عبد الله السعدي (ت: 1376هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن معلا اللويحق، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى 1420هـ -2000 م.
15. المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطبراني، مكتبة العلوم والحكم – الموصل، الطبعة الثانية ، 1404 – 1983، تحقيق : حمدي بن عبدالمجيد السلفي.
16. فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، دار المعرفة، بيروت ، 1379 .
17. معجم مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، المحقق : عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، الطبعة 1399هـ - 1979م.
18. المفردات في غريب القران، أبي القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الاصفهاني المتوفى سنة 502 هـ، تحقيق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، الدار الشامية - دمشق بيروت، الطبعة الأولى - 1412 هـ.
19. تاج العروس، محمد بن محمد بن عبد الرزاق الحسيني، أبو الفيض، الملقب بمرتضى، الزبيدي.
20. المعجم الوسيط ،إبراهيم مصطفى . أحمد الزيات . حامد عبد القادر . محمد النجار، دار الدعوة، تحقيق: مجمع اللغة العربية.
21. فەرهەنگی كوردستان ، گیوی موكریانی،دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، 1999م.
22. الصحاح تاج اللغة ، إسماعيل بن حماد الجوهري، تحقيق أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين ،بيروت ، لبنان، الطبعة الرابعة 1407 هـ - 1987 م.
23. المصباح المنير ، أحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي، المكتبة العلمية – بيروت .
24. الفروق اللغوية،أبو هلال العسكري، تحقيق مؤسسة النشر الاسلامي ، الطبعة الاولى 2000 م .
25. معجم مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، المحقق : عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، الطبعة 1399هـ - 1979.

26. بناء المجتمع الإسلامي، د نبيل السمالوطي، دار الشروق للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الثالثة 1418هـ-1998م.
27. المرأة وحقوقها في الإسلام محمد الصادق عفيفي،مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، طبعة 1988م.
28. سيماء المرأة في الإسلام بين النفس والصورة، د. فريد الانصاري.
29. علم الاجتماع العائلي، بهاء الدين خليل تركية، دار المسيرة، الطبعة الأولى،2015م.
30. الزواج والعلاقات الاسرية، سناء الخولي، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى 1983.
31. رؤية عصرية للقرآن الكريم،د. توفيق حميد، دار القرآن للنشر، الطبعة الاولى 2013م(98).

32. مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى: 728هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة،المملكة العربية السعودية،طبعة، 1416هـ/1995م.
33. إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان، محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي أبو عبد الله، دار المعرفة – بيروت، الطبعة الثانية ، 1395 – 1975، تحقيق : محمد حامد الفقي.
34. دیاردەی مەی خواردنەوە لە ناوگەنجاندا، ئامادەكردنی: ماڵپەڕی نوور،http://judi.ueuo.com/ ، پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز.
35. وەرگیراوە لە ڕاپۆرتێكی گەلاوێژ رحمن لە سۆران ، بەناوی فاكتەرەكانی زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوە . لە لاپەڕەیەكی كۆلایەتیدا بڵاوی كردووەتەوە.
36. ماڵپەڕی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان،2015/8/18.
37. ماڵپەڕی دواڕۆژ ، ڕاپۆرتێك دەرباری ڕاگەیەنراوی ئەنجومەنی دادوەری، كۆچەر علی نوسیویەتی، لە 2019/8/9.
38. ماڵپەڕی ڕوداو ڕاپۆرتێك بە ناوی: هەرێمی كوردستان.. ڕێژەی تەڵاق بەرزدەبێتەوە و هاوسەرگیری كەم دەكات، رەوا عەبدوڵا نوسیویەتی لە 26-11-2014.
39. عنب بلدي، ارتفاع حالات العنف ضد الرجال في اقليم كوردستان،2019/1/6.
40. العربي الجديد: رجال معنفون في كوردستان، بغداد ، زيد سالم، 12، يناير 2019.
41. ماڵپەڕی كتابات بابەتێك بە ناوی : إقليم كردستان يشهد ارتفاعا في معدلات الطلاق بـ 3 أضعاف خلال عام واحد، بغداد، كتابات ، الخميس 28 شباط/فبراير 2019
42. صحيفة الوسط، العدد 3239 - الأربعاء 20 يوليو 2011م الموافق 18 شعبان 1432هـ، النظام الأسري عبر العصور، المنامة - حسين محمد حسين.
43. گۆڤاری گوڵان، ژمارە (1150) ساڵی(2017/12/12).